# بۆ چی کووشتن و زیندانی کردنی کۆمۆنیستەکان لە کوردستان دا بەردەوامە؟

لە دوای راپەرینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی 1991 و ئازاد کردنی کوردستانی باشوور ، ئەم بە شە لە کوردستان کەوتە ژێر رەکیفی دوو پارتی دەسەڵات داری کوردی و لە سەر یەک هەلبژاردن 15 سال شەر بوو وە بوو بە هۆی کوژرانی پتر لە 16000 رۆلەی کورد و ماڵ وێرانی و قووربەسەری بۆ خەڵکی هەژار و فەقیری کوردستان. . بەدرێژایی ئەم 16 ساڵەی دەسەڵاتی یەکیەتی و پارتی دا دەنگی ئازادی خەڵکی کوردستان سەرکووت کراوەو کۆمۆنیستەکان کەوتوونەتە بەر هێرشی بێ شەرمانەی ئەم دووپاتە، بە کوشتنی و زیندانی کردنی ئەندامانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئیراق و بە داخستنی رۆژنامەو ، رادیۆی ئەم حیزبە، دریغییان نەکردوە، لە کاتێک دا لە ژیر سایەی ئەم دوو پارتە دا ئەحزاباتی کۆنەپەرەستی ئیسلامی تەقوێت کراون و کۆمەکی ئیقتیسادی کراون بۆ بلاو کردنەوەی دواکەوتووی لە نێو کوردستان دا. لەبری ئەوەی کە دوو لانگەی زانستی فێربوونی کامپیێۆتەر بۆ لاوان و گەنجانی کوردستان بنیاد بنرێت، ئەم دوو پارتە کەوتوونەتە پێشبرکێ بۆ کردنەوەی مزگەوت و لانەی تیرۆریستی. لە ژێر سایەی ئەم دووپارتەدا ژنان بوونەتە قوربانی نیزامی پیاو سالاری و بە ناوی پاراستنی ناموس پتر لە هەزاران ژن کوژراوون وە دەسەڵات داری کوردی چاویان لە هەموو ئەم کردوە نا ئیسانیانە پۆشیوە. هەرچەن ئەم دوو پارتە دانیان پیکەوە ناکولێت، لە سەر یەک شت هاوبەشن، ئەویش کووشتن و زیندانی کردنی کۆمۆنیستەکان.

تەنها حیزبێک کە ئەمرۆ باس لە سەر نابەرابەری و ناعەدالەتی ژیر دەسەڵاتی یەکیەتی و پارتی دەکات، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری ئیراقە . دیارە ئەم زیندانی کردن و کوشتنی کۆمۆنیستەکان نیشانەی ئەوەیە کە ئەم پارتە فشاری هێناوە بۆ ئەم دوو پارتە دەسەلات دارە کوردییە و گەندەڵی و خراپی یەکیەتی و پارتی بۆ خەلکی کوردستان روون دەکاتەوە، وە سەرانی یەکیەتی و پارتی هیچ جوابیکیان پێ نیە بۆیەدەیانەوێت کە بە سەرکووت و زیندانی کردن خەڵکی کوردستان چاوترس بکەن و راستیەکانیان لێ بشارنەوە و وە بەم شێوەیە رێگا بە کۆمۆنیزمی کرێکاری بگرن زۆر سەیرە کە ئەم دووپارتە لە مێژوو دەرسیان وەرنەگرتوە و لە بیریان چووەتەوە کە زیندانی کردن وهەوڵ دان بۆ شکاندنی قەلەمی نووسەران و خنکاندنی دەنگی ئازادی لە کوردستان دا کاری حکومەتی فاشیست و دیکتاتۆری ئیراق بوو، هەرچەندە کە ئەم حکومەتە بە تەوەاو زل هیزی خۆیەوە نەیتوانی دەنگی خەڵکی کوردستان بۆ وەدی هینانی ئازادی و مافە رەواکانی خۆیان بخنکێنێت بێگومان یەکیەتی و پارتی ناتوانن ئەوەی کە زل هێز ترین حکومەت بیکات ئەوان بیکەن و سەرکەوتوو بن.

رووداوەکانی ئەم دواییەی شاری هەلەبجە و هاتنە سەر سەقامی خەڵکی نارازی ئەم شارە لە دەست سەرانی یەکیەتی و پارتی وە باوەر نە کردنیان بە قسەی زل و رەنگداری ئەم دووپارتە و جواب دانەوەی دەسەڵات داری بە خواست و داخوازییەکانی خەلکی ئەم شارە بە گولە نیشانەی ترس و وەحشەتی یەکیەتیە لە خەباتی خەلکی کوردستان بە دژی سیاسەتی گەندەڵی و نابەرابەری لە نێو کۆمەڵگادا. ئەوە لە ساڵی 1991 ەوە کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی یەکیەتی و

پارتی دایەو دوو حکومەتی کارتۆنی کوردی دەسەڵاتیان هەیە و خەڵکی هەژار و فەقیری کوردستان لە سەرەتایی ترین مافی ئینسانی خۆیان وەک ئاو، کارەبا، و قووتابخانەو نەخۆشخانە بێبەشن و هەموو سەروەت و سامانی ئەم خەڵکە زوڵم، لێکراوە هەموی لەپێناو مەسئوولە نامەسئوولەکانی یەکیەتی و پارتی دا سەرف کراوە

کۆمەڵانی خەلکی ئازادی خوازی کوردستان

ئیتر هەتا کەی ئیمە ریگا بدەین بە سەرانی پارتی و یەکیەتی کوردستان بکەن بە گۆرەپانی یاری بۆ خۆیان و تەراتێنی تێدا بکەن؟ هەتا کەی پارە هەبێت بۆ کردنەوی کۆشک و تەلار بۆ مەسئوولەکان و دەسەڵات دارانی یەکیەتی و پارتی، بەڵام خەڵکی هەژار نەیبێت کە منداڵەکەی بە سکی برسی شەوانە سەر نەکاتە سەر سەرین. ئەم هێرشەی سەرانی یەکیەتی و پارتی بۆ سەر حیزبی کۆمۆنێستی کرێکاری ئیراق دەبێت بە توندی مەحکووم بکەین و بە هەموومان دیفاع لە هەر دەنگ و هەر حەرەکەتێکی پێشکەوتووخواز بکەین کە داکۆکی  بۆ دابین کردنی ئازادی بەیان، و مافی ئینسانەکان دەکەن  لە کوردستان دا، با پێکەوە ببین بە دیوارێکی موحکەم و بە هەمووومان دەنگی ئازادی خەلکی کوردستان لە خنکاندن بپارێزین وە ریگا نەدەین کە چی تر کۆمۆنیستەکان ببنە قوربانی دەسەلات داری یەکیەتی و پارتی.

سەرکەوتوو بێت خەباتی خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان بۆ وەدەست هێنانی مافەرەواکانی خۆیان. بژی سۆسیالیزم، بژی ئازادی بەرابەری حکومەتی کرێکاری!

عرفان تارین 2006/03/24